# ئاشکرایە تەقینەوە خۆکوژیەکان لە بن کاری سیاسیە
# بەڵام بکەرەکان بە چ مەبەستێکەوە دەیکەن



*** مەهدی کاوانی ***

**ئەگەر بڵێم بۆ دونیایە ،بۆ مەنسەبە ، بۆ پارەیە،ئەوا هیچیان ناچێتە خانەی ڕاستی چونکە کابرای بکەر لە پێشدا ژیانی خۆی لە دەست دەچێ ئینجا کارەکەی بۆ ئەنجام دەدرێ . سەرەمی پێشمەرگایەتی لە میانەی ڕووبەڕوبوونەوەی چالاکی چەکداری هەبوو بە وەعی کارەکەی ئەنجام دەدا ،واتە پێش ئەوەی چالاکیەکە ئەنجام بدا بیری** دەکردەوە کاخوانەکینێ ئەو جۆرە چالاکیەی ئەو ئەنجامی دەدات لە بەرژەوەندی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی و داکۆکی کردن لە کەڕامەتی مرۆڤ دەگونجێ یان نا . بە جوانی بە تەنیا یان بە کۆمەڵ لە گەڵ هاوڕێکانی یان هاوبیرانی بیری دەکردەوەو دواتر لە کردن و نەکردنی قسەی خۆی یان خۆیان دەکرد . هەش بوو هەرەمەکی گوێی پێ نەدەداو کە لە خوار خۆی فەرمانی بە سەر کرابایە بە ویستی ئەو کارەکەی باش با یان نا دەی کرد یان لێپرسراوەکە بێ ئەوەی بیر لە مرۆڤانیەتی کارەکە بکاتەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی و خۆ بردنە پێش و خۆ بەدەر خستن دەیان پێشمەرگەی نەزانی کەم ئەزموونی لە گەڵ خۆی ڕادەپێچاو چالاکیەکەیان دەکرد.

دەتوانم بڵێم لەو سەردەمی شەڕی پارتی زانی واتە سەردەمی شاخ لە ناو هەموو پارتەکان بە تایبەتی ئەو پارتانەی کە زیاتر ڕۆڵیان لە هەلگیرساندنی شەڕی ناوخۆ هەبوو بۆ سەر دوو گروپ دابەش ببوون . گروپێکیان نەک هەر بڕوای بە شەڕی ناوخۆ نەبوو بەلکو هەموو توانای خۆشیان بۆ ئەوە وەگەردەخست کە زۆرترین خەلکانی دژە شەڕی ناوخۆ کۆ بکەنەوە تاوەکو هەلگیرسێنەرانی نەگەن بە مەرامی خۆیان ئەوی تر

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

گوێی پێ نەدەدا بە تایبەتی سەرکردەکانیان بە دەیان بینەو بەردەو کاری تەفرەدەرانە خەلکی کەم ئەزموونیان لە دەوری خۆیان کۆ دەکردەوە بۆ ئەوەی شەڕە ناوخۆیەکان ڕێچکەی خۆی وەربگرێ . ئەو دابەش بوونە لە مەڕ چالاکیە شۆڕشگێڕی و ناشۆڕشگێڕیەکانی تریش بە هەمان شێوە ڕەنگی دەدایەوە . واتە ئەوانەی هەلسو کەوتی خراپیان لە ناو خەلک دەکرد پێشمەرگەی بەدیلگیراوی لایەنەسیاسیەکانی تریان تیرە باران دەکرد ،ئازاری خەلکیان دەدا بە واتایەکی تر کاری چەتەگەری یان دەکرد نەک کاری پێشمەرگایەتی و شۆڕشگێڕی . دژەکانیشیان ڕێک پێچەوانەیان بوون . لەونێوەندەدا دەیان بگرە سەدان پێشمەرگەی کەم ئەزموون بە نەزانی بوایە یان کەم ئەزموونی بوایە یان تەفرە درابان بۆ ئەوەی لابردرێن لە ڕێبازە ڕاستەقینەی کە لە پێناویا چەکی نیشتمانیان بە مل کردبوو.ڕەنگە کاری خۆ تەقینەوەکانی ئێستاش بە ئاڕاستەی تر هەندەک پێکچوونی لە گەڵ دیاردەی شەڕی چەکداری ئێمەوە هەبێ بەلام جیاوازیەکەی لەوە دایە کە ئەو ئامادەکاریەی ئێستاکە بە چ گیانێکەوەیە کە کەسەکە لە پێناو کوشتنی خەلکی تر لە پێشدا لە ناوچوونی گیانی خۆی ڕەپێشکا.ئەوە دەزانین کە خۆ تەقێنەرەوەکان هەرزەکارن و بەشی هەرەزۆریان لە خوار تەمەنی 20 سالێدایە . قسەی واش ڕێی دەچێتێ کە خەلکانی لە بابەت ئەو تەمەنەوە خەلکی کەم ئەزموونن و لە توانای مرۆڤە بە ئەزموونوەکان دا هەیە کە چۆنیان بووێ وای لێ بکەن واتە دەتوانن پەروەردەی باشیشیان بکەن و هی خراپیش . من بە ئەزموونە بە تەمەنیەکەم و ئەزموونی سیاسی و پێشمەرگایەتی و هی تر دەزانم کە تیۆر لە ناو هەر پەردەیەک و ڕەنگێکدابایە لە توانای دەبوو خەلکانی گەنج و کەم ئەزموون لە دەوری ئالای خۆی چ بە باش چ بە خراپ کۆکاتەوە . سەردەمانی ئێمەی شاخ بیری چەپ و مارکسیزم بە هەموو فێرگەکانیەوە لە ناو بزاڤی سیاسی و چەکداری کوردستان لە گرەو دابوو بە تایبەتی لە ناو گەنجەکان . ئەو تیۆرەش لە بەر بەرفراوانی خۆیان بگرە سەدان بیروبۆچوونی لەیەک جیاوازی هەلدەگرت .
هەلسوڕێنەرانی چپان ئارەزوو بوایە پێیان دەکراو بەشبەحالی خۆشیان دەیانتوانی قەوارەیەکی دیاری کراو بە زۆر بە کەم لە دەوری خۆیان بئالێنن. پێشتریش بیری نیشتمانی بوو . بەلام کە ئێستاکە شۆڕشی شاخ نەماوەو لە باشووری کوردستان ئەزموونی فەرمانڕەوایەتی هەیە . 70-80%ی جەماوەر کەوتونەتە بەرەی ناڕەزاییەوە هەرچی دەیلێن و دەیلێنەوە لەدژی دەستەی فەرمانڕەوا کە زۆریان پێشتر سەرکردەی بزاڤی سیاسی و چەکداری کورد بوون و لە لایەن هەمان خەلکەوە بە سەروەری باسیان لێوە دەکرا . کەچی ئێستاکە بە پێچەوانەوە کەوتوتەوە. خۆ ئەگەر خەلکەکە بیانزانیبایە ئەوە ماهیەتی سەرکردەکانیانە ئەوا هەر شەقیان لە شۆڕش و

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

کاری گیانفیداکاری دەدا . ئا لێرەیە تیۆر کارێک دەکا و کاردانەوەش جۆرێکی ترە .
ئەگەر بڵێین نەعلەت لە هەموو تیورێک با بەدوای نەکەوین هەم دیسان دەکەوینە ناو هەلەو هەلە کاری . ئێمە هەرگیزاو هەرگیز ناتوانین لە کارە ناڕەواکان تیور تاوانبار بکەین جا هەر تیورێک بێت نیشتمانی بیت چەپ و مارکسی بیت ،لیبڕالی بیت سوسیالیستی بیت یان دینی بێت .چونکە ئەو تیورانە تێکڕایان بۆ ئەوە داڕێژراون کە پێیان وایە داکۆکی لە سەروەری مرۆڤ دەکەن جا چەندی ڕاستە و دەچێتە واری کرداری چەندی نا قسەی ترە . بەڵام ئەوەی کە خەلکان لاتەریک دەبا یان ڕێگای باشیان پێ نیشان دەدا لێکدانەوە تیوریەکانە هەنە لە خزمەتی مرۆڤ لیکی دەدەنەوە هەشیانە بە پیچەوانەوە . هیتلەرو مۆسۆلینی لە سەرەتادا لە ڕێگای هەلبژاردنی ئازادانە و بە ناوی تیوری سوسیالیستی نەتەوە گەری وەک هی بەعسیەکان متمانەی خەلکیان بۆ لای خۆ ڕاکێشاو بە دوایەوە دەسەڵاتیان کەوتە بن دەست و بانگێشەی حوکمی دکتاتۆری و جەنگ و کاولکاریان داو دەرئەنجامەکەی کاول بوونی ئەوروپاو دەیان ملیۆن کوشتاری لێ کەوتەوە .ئێستاش لە ئەڵمانیا کەسێک یان گروپێک ببینین لە قازانجی هیتلەر یان باوەڕەکەی لیدوان بکات پەلکێشی دادگا دەکرێ و بە گوێرەی ئەو یاسایەی کە لە مەڕی دانراوە سزا دەدرێ . ستالینیش لە ڕێگەی مارکسیزم لینینزم هاتە سەر حوکم و بە دواشیەوە لایەنە توندوتیژیەکەی جێ بەجێ کردو وەک دکتاتۆرێ سەری هەڵداو هەرچی کردی کردی . باوەڕی ئیسلامیش تەماشای خودبەی مزگەتەکان وعالیمان ومەلا سیاسیەکانیان ومەزهەبەکانیان بکە دەبینی هەر یەکەی بە سەر شانوو باڵی خۆد دا هەردەڵێ لە ناویشیان دا زۆر جار دەبینرێ کە هەر مەزهەبە یان مەلایە یان عاڵمە بانگێشەی ئیسلام بوونی ڕاستەقینەی خۆی و بێ ئیمانی ئەوانی تر ڕادەگەیەنێ پێش ئەوەی زەرقاوی بمرێ چەند جار لە ڕاگەیاندنەکانی خۆی کوفری شیعی ڕاگەیاند واتە موسلمان نینەو خوێنیان حەلالە . ئێستاش ناوە ناوە ڕێکخراوی قاعیدە هەمان ڕاگەیاندن ڕادەگەیەنێ . عەلی باپیر . عەلی باپیری کوردی ناو خۆمان ئەویش خەریکە خۆمان لێ بکات بە موحەمەدی مەهدی . برۆ زنجیرە وتارەکانی لە هاوڵاتی بخوێنەوە کە گەیشتۆتە 10 و بەردەوامیشە دەیەوێ بیروباوەڕەکانی مرۆڤی سەردەمی ئیسلامی و سەدەکانی ناوەڕاستمان لێ بکا بە عیلمانی و بە شتی وەهم و خوڕافات وەهای پێوەناوە ئەگەر مرۆڤ ئاگای لەو جیهانەو گەشەکردن وقۆناغەکانی مێژووی نەبێ هەر وا دەزانێ ئەو عەولەمەو مۆدیرنزمەی ئێستا هەمووی لە سایەی باوەڕەکانی کۆن سەری هەڵداوەو عەلی باپیریش بەئیسلامی بوونی دەکا. بە ئارەزووی خۆی هێلی چەوت بە سەر مەسیحیەت وجولەکەو کۆمەلگای مەدەنی ئێستا دەنێ لە ناویاندا هەر تەنیا ئەوەی لە ناو بابەتەکەی وی هاتووە ڕاستە . هیشتا

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

زنجیره وتارەکانی تەواو نەبووە ئەگینا لەوانەیە وەک قاعیدە ئاسا بۆ شیعەکانیش بکۆری . ناوناوەش باس لە موحەمەدی مەهی دەکا کە کارەکان بە تەواوەتی تەواو بکا جا نازانین ئەو موحەمەدی مەهدیە مەبەستی خودی خۆیەتی یان شتەکی ترە . تۆ بڵێی لەو بارە ناڕێکی و فەسادی ئیداری و ئەو ناڕەزایە زۆرەی خەلکی دژی حوکم نەتوانێ باوەڕ بە خەلکان بێنێ یان لە ڕقی ئەو وەزعە خەلکانێکی زۆر نەبێ ئەوڕۆ سبەی تێی نەئاڵێن .هاولاتیش بە ناوی ڕای سەربەست وەک جەزیرە ئاسا گوێی پێ نادا کە ئەو نوسینانە چەندی لە قازانجی کۆمەلگای مەدەنی و کوردە بلاوی دەکاتەوە.
ئەمەریکیەکان لە ڕاگەیاندنەکانیان باسیان لەوە دەکرد کە ئەرزیەتی گەشەکردنی قاعیدە بە هۆی نەبوونی دیموکراتیەتە لە ناو کۆمەلگای ئیسلامی . بە وتەی ئەوان ئەگەر بێت و ئێمە ڕژێمە تاک ڕەوەکان بە قازانجی دیموکراتی بگۆڕین ،زەمینەی گەشەکردنی قاعیدە کەم دەبێتەوە . ئێستاش کارە خۆ تەقینەوەکان بەشە هەرە زۆری لە ژێر کارتێکردن و کارەپەروەردیە توندو تیژەکانی ئەوانەوەیە بەشی هەرە زۆریش لە ناو ئەو هەرزەکارانەیە کە تەمەنیان لە خوار20 ساڵانەویەو لە ناو کۆمەڵگایەکی ئیسلامی داخراو  پڕاو پڕ لە کێشە سەریان هەڵهێناوە . مەلا یان عالمەکی سیاسیشیان دەگاتێ و وەک عەلی باپیری ناو خۆمان هێلی چەوت بە سەر هەموان دادێنێ و لە ناویان تەنیا خۆی کە دەکاتە قاعیدە بە ئیسلامی ساغلەم حیساب دەکات وئەوانی دیش بە ئیسلام و غێر ئیسلام هەموویان کافرن و خوێنیان حەلالە وهەرچی بیان کوژێ بەهەشتی بە نسیب دەبێ .ڕاستەو خۆ وەناڵێ بەلام لە قسەکانی ورد بەرەوە لەو مانایە زیاترت ناداتێ. بڕۆ لە گەڵ ئەو گەنجە موسلمانە پەروەردەکراوانە بە باوەڕی توند ڕەوی ئیسلامەت دانیشە ئەوەی لە دەمیان دەردەچێ تۆبەو تۆبە کاریە . جارەک بە تەواوەتی وایان لە خۆ کردووە کە نەزەر ناکەن و هیچ هیوایەکیشیان بەو دونیا کفریەی ئێستا خۆش نیەو دەڵێن هەرچی زوە با ئێمە جیهاد بکەین و شەهید بین تا شاد بین بە دونیای هەتا هەتایی ئەو دونیایە بەجێ بێڵە باشترە . ئەو گەنجە 16–18 ساڵانە ئەگەر باوەڕی نزیک قاعیدە یان عەلی باپیرو هاوتاکانیان لە بن نەبێ بەو تەمەنە بچووکەیان لەکوێ فێری ئەو بانگهێشتنانە بووینە .
لە سیاسەت دەوترێ هەر کارێک کاردانەوەیەکی بە توندتری بە دواوەیە . ئەگەر کاردانەوەکە باش بوایە کاری باشی بە دواوە دەهات. واتە ئەگەر دونیای دیموکراتی و خێرو خۆشی بوایە باوەڕەهێمنەکانی ئیسلامەتی گۆڕەپانی سیاسی وکۆمەڵگای ئیسلامەتی کۆنترۆڵ دەکردو ئەوانیش لە جیاتی توندو تیژی باوەڕی تەبایی و پێکەوە ژیان وگونجاندنی ئاینەکانی تریان ڕادەگەیاندو خۆشیان لە گەڵ هێزەکانی عەولەمەو

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

کۆمەلگای مەدەنی ڕێک دەخست بە کورتیەکەی کارەکانیان نزیکی کاری کەنیسەکانی ئەورووپاوە دەبوو . بەڵام چونکە دیموکراتەت وخێرو خۆشی لە ناو ئەو کۆمەڵگا ئیسلامیە ئاوایە ،مەلاو عالمی توند ڕەوی ئیسلامی پەیدا دەبی و تەفسیری قاعیدە لە ناویان سەر هەڵدەداتەوە.

بەریتانیا/2007/07/15

mahdikawani@yahoo.co.uk

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image